جادووگەری و باوەڕی خەڵك

شاناز

مـرۆڤ تـا ڕۆشـنبیر بێـت، دەروازەی هۆشیو ژیری زیاتر فراوانتر دەبێت. گەڕان بـەدوای زانسـتدا دەرگـای نێهنیـەکان بـە ئاشـکرایی دەشـکێنیو ئەفسـانەو خـەیاڵ پەت پەت دەکات. پتەوی باوەڕو ژیری، زاڵ بوونە بەسەر کۆنەپەرستیو نەزانیندا.

لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، بەتایبەتی لەناو کوردەواریدا، دیاردەیەکی بەرچاوی جادووگەری زۆر بەربڵاو هەیە کە ئەمەش تـەنها یـاری کردنـە بەعـەقڵی خـەڵکیو دەسـت بـڕینو پـارە کێشـانەوەیە لەخـەڵکانی بـێ بـاوەڕ. ئـاخۆ ئـەم جادووگـەریو قاوەگرتنـەوەو دەسـت گرتنـەوەو کتێـب گرتنـەوەو دوعـای نووسین، ئەم دەست بڕینو یاری کردنە بەژیری خـەڵکی، لـە چ سەرچـاوەیەکەوە هاتبێت؟ یاخود لـەکام زانکۆو پـەیمانگادا وانـەی جادووگـەری بخـوێنن، ئـاخۆ پرۆفیسـۆرەکان چـەند بەڵگەنامـەی سەرکەوتوو، یان چـەند ڕێزو سوپاسـیان لەزانکۆکانیاندا وەرگرتبێت. یـاخود بڵـێین بەڵگەنامـەی دەرچـوونیان لـەکوێ وەرگرتبێت؟.

بەمەبەستی بەدواداچوونو وەرگتنـی زانیـاری لـەو بارەیـەوە، لەگـەڵ چـەند کەسـێکی شـارەزا لـەبواری جادووگەریـدا دوایِنو پرسیارمان لێ کردن.

پرسیار: چۆن فێری ئەم کارەبوویت، مەبستت لـەم جادووگەریـەدا چییە؟، ئایا ئەوانـەی دێـن بـۆ لاتـان باوەڕیـان پێتـان هەیە، تا چەند باوەڕت بەکارەکـەی خـۆت هەیە؟

محەمەد سەید کەریم: کتێب گرەوە و دوعـا نـووس لەمنداڵیـەوە لەگـەڵ هاوڕێیەکمدا، دەچووین بۆ لای پیاوێك کە ئێستا مردووە. کتێبـی دەگرتـەوە، لـەزۆر شـوێنەوە کتێبیـان بـۆ دەهێنـاو بـەزمانی عـەرەبی بـوو باسـی لەئەسـتێرە ناسـیو بەختو خۆشی گوزەرانی خەڵكو تێکدانی ژیانی خـەڵكو زۆرشتی دیکـەی تیادابوو. مەبەسـتم زیـاتر فێربـوونی هـەموو زانیاریەکـە، زۆرجـار کێشـەی خـەڵکی چارەسـەریش دەکـەین. بەدڵنیاییـەوە ئەوانەی دێن بۆ لامان باوەڕیان زۆر پێمان هەیە، چونکە ئەگەر باوەڕیان نەبێت نایەن بۆ لامان، هـەروەها زۆرکـەس دێـن چییان پێ دەڵێم بۆیان دەخوێنمـەوە دەڵـێن زۆر ڕاسـتە، بـەڵام هەنـدێکیش دێـن دەڵـێن نیوەی ڕاستەو نیوەکەی دیکە تێکەڵە. من بـاوەڕم بـەکارەکانی خـۆم هەیـە، بـەڵام ئەوەی خوا نەی کـات نـابێ، چارەنووسـی خەڵك لەدەست ئێمەدانیـە. ئـەوە کـارێکی (غەیب)یە، ئێمە وەك دوعا دەنووسین ئیتر ئەوەش باوەڕ هێنـانو دڵو دەروونـی ئـەو کەسە خۆی کەوتووە.

سازان ئەحمەد سابیر: قاوە گرەوە و دەست گرەوە لەخاڵۆژنێکمـەوە فێربـووم، خۆشـم زۆرم هـەوڵم دەدا، زۆر کتێـبم لـەو بارەیەوە خوێندبۆوەو زۆرشتی تریش هەن کـە نهێـنین تایبـەتن بـە قاوەگرتنـەوەو دەست گرتنەوە ناتوانم باسـی بکـەم هـەتا فێربـووم. مەبەسـتم ئاشـکراکردنی نهێنیەکانـە، زۆر کـەس بـەدوای نهێنـیو شـتی ونبـوودا دەگـەڕێن، کـار ئاسـانیان بۆدەکەمو ڕاستیان پێ دەڵێم. ئەوانەی کە دێـن بـۆلام ١٠٠٪ باوەڕیـان پـێم هەیـە، چونکە هەرچیەکیان پێ بڵێم دەڵـێن وایـەو واش بـووە. زۆر جار پـێم دەڵـێنو خـۆت لـەوێ بوویـتو ئاگـاداری. زۆر بـاوەڕم بەکارەکەی خۆم هەیە، ئەگەر خۆم باوەڕم پێی نەبێت ئەی چۆن خـەڵك بـاوەڕم پـێ دەکـەن. ئێسـتا دیـاردەی جادووگـەری، لەزۆربـەی کۆڵانـە کۆنـەکانو گەڕەکـە شـەعبیەکانو لاچـەپەکاندا، لەماڵێکـدا کەسێك بـەناوی قـاوە گـرەوە یـان کتێـب گرەوە یان بەدرۆ خـۆی کـردووە بەشـێخو پیـاو چـاك، لەژوورێکـدا دادەنیشـێت، کـە چـوار دەوری ئـەو کەسـە پـڕە لـەکتێبو شوشەی ڕەنگاورەنگ، کە هەریەکە جـۆرە دەرمانێـكو گیراوەیـەکی تێدایـە، یـەکێ بەمەبەستی دوعـای ڕەشـیو یەکی دیکە بەمەبەستی دوعای شیرینیو لـەو جۆرانـە، لەگـەڵ پیسـتەی وشـکەوە بـوی چـەند ئاژەڵێـك و باڵندەیـەك، کـە بەمەبەسـتی بـەختی بـاشو سـەرنج ڕاکێشـانی ژنـانو پیـاوان بـۆ یـەکتری، هـەروەها مـوروی جۆراوجـۆر کـە بەمەبەسـتی چـەورو شـیرینیو نەخۆشـیو خۆشەویسـتی و بەخت، هەروەها بەردی سـەیرو سـەمەرەو شێوە جیاواز، کە هەریەکە بەمەبەستیێ، یـەکێ بـۆ سـەفەرکردن، یـەکێك بـۆ ڕزقو دەوڵەمەنـدیو چـاوو نەفسـیو یـەکێ بـۆ لابردنـی بـاڵاو یـەکێ بـۆ نـەمانی ئـاژاوەی مـاڵ. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم جادووگەرانـە هـەر لەباینیـەوە هـەتا ئێـوارە ماڵیـان بەرناکەوێ لەبەر ژنان. کە دەچن بۆ لایانو داوای دوعاو کتێب گرتنەوەیان لێ دەکـەن، کـە گوایـە کێشـەکانیان بـۆ چارەسـەر دەکـات، ئـەوانیش چـەند ڕستـەیەك یـان چـەند ووشـەیەك لەکتێبـەکانو لـەکۆپی قاوەکاندا دەخوێننـەوە بۆیـان، کـە چـەند کەس بچن هـەر دووبارەیە بـۆ هـەموویان پارەیـەکی باشـیان لێدەسـتێنێتو پێیـان دەڵـێ بـڕۆن خـەمتان نـەبێ ئیشـەکەم بۆ جێبـەجێ کـردوون. ئـەو کەسـەش هـەتا لەماڵەکـە دێنـە دەرەوە، بـە سـاقەو بەقوربانی ئـەو جادووگـەرە دەبێت. ئـەو کەسە وا هەسـت دەکـات، نـەك کارەکـەی ئـەو، بـەڵکو کـاری هـەموو بوونـەوەرو گەردوون لەدەست ئەو کەسـە جادووگـەرە دایـەو چارەسەرەکەشـی هـەرلای ئـەوە. لەناو زۆربەی خەڵکدا بەتایبەتی ژنان یان ئـەو گەنجانـەی کـە تـازە پێگەیشـتوون، زۆرجار پەنا ئەبەنە بەر ئـەو جادووگەرانـە، بـۆ ئـەوەی چارەسـەرێك بـۆ کێشـەکانیان دابنرێـتو هەسـت دەکـەن کـە ئـەمان شـارەزای (عیلم و غـەیب)ن یان یـەکێکن لەفریشـتەکانی خـوای گـەورە. وا ڕێـك دەکـەوێت کـە قسـەی ئـەو جادووگـەرە، لەگەڵ کێشەکانی ئەماندا بگونجێ. بۆیـە چەند کەسێك باوەڕیان پێ دێنن یان ئـەو جادووگەرە بە سیحرکردن، عەقڵو باوەڕی ئەو کەسە ڕادەکێشێ بەلای خۆیدا.

دەکـرێ بڵـێین، کـە ئـەو کارانـەی جادووگەران دەیکەن، هـەمووی شتی بـێ کەڵكو ووشـەی بـێ ماناو دوور لەڕاستیە، یاری کردنە بـەژیری خـەڵکی ساویلکەو نـا ڕۆشنبیرەوە، چونکە ئەو ماوەیەی کە ئەو کەسـانەی مێشـکی خۆیـان بـەو جادووگەرییـەوە خـەریك دەکـەن، بـەپێی بـاروودۆخی ئـەو کارانـەی خۆیـان دەیانەوێت یان کێشەکانیان کە پێوەی دەناڵێنن، بـە پێـی بـارودۆخ خۆیـان چارەسـەردەبن. کەچـی ئـەو کەسـە ساویلکەو بێ باوەڕانە وا هەست دەکـەن کـە ئـەو جادووگەرانـە بـۆی چارەسـەر کـردوون. کـە ئەمـەش دوورە لەڕاسـتیو بـاوەڕی مرۆڤـی ڕۆشـنبیرو بـاوەڕدارەوە. هـەروەها زۆر جـار دەڵـێن: زانسـتی پاراسـایکۆلۆژی، بەشـێکە لەجادووگـەری دەسـت بـڕین، ئـاخۆ تـا چ ڕادەیـەك پاراسایکۆلۆژی دوربێت لەجادووگەریەوە، کە ئـەمیش بەشـێکە هـەر لـەو بابەتانـە، بـەڵام بەشێوە زانستیەکەی پێـی دەڵـێن ڤانستی پاراسـایکۆلۆژی یـاخود هەسـتی مرۆڤ. هـەروەها ئـەم جادووگـەریو کتێب گرتنـەوەو قـاوەو دەسـت گرتنـەوە، لەڕوانگەی ئیسلامو ئایینەکانی ترەوە هیچ ڕێگایـەکی شـەرعی پـێ نـەدراوە دوورە لەڕاستیو بـاوەڕەوە. هـەر بـۆ مەبەسـتی بـاوەڕ هێنـان بەجادووگـەری چـەند کەسێکمان دواندو پرسیارمان لێ کردن.

تـا چـەند بـاوەڕت بەجادووگـەری هەیە؟، ئایا پێت وایە کە ڕاستی بـەدی بکرێـت، تـا ئێسـتا چـوینە لای هـیچ جادووگەرێك؟

لەوەڵامدا گوتیان:

کەژاڵ فەرهاد: لە ١٠٠٪ باوەڕم پێـی هەیـە ئـەویش ئەگـەر بـە پاراسایکۆلۆژی بکرێـت. باوەڕناکـەم هـیچ ڕاسـتیەك لەجادووگەریـدا بـەدی بکرێـت، ئـەوەی دەوترێت هیچـی ڕاست نیە، بـەڵکو پـارە کێشانەوەو قوڵ بڕینەوەو یاری کردنە بە عـەقڵی خـەڵکی. بـەڵێ چـووم، بـەڵام قسـەکانی ئـەوان زۆرجیـاوازبوو لەگـەڵ بابەتەکەی ئێمەدا، بۆیە هـەرگیز باوەڕیان پێ ناکەم.

فـەقێ سـۆران فـایق عـەلی: هـەرگیز باوەڕیان پێ ناکەم، چونکە ئەوانە درۆزنن، زۆر دوورن لـەباوەڕی موسڵمانانەوە. هیچ ڕاستیەك بـەدی ناکرێـت لێیـان، چونکە ئەوەی خوای گەورە نەیکات نـابێ، بـەڵکو دەست بڕو درۆزنن تەنها مەبەستیان پـارە کێشـانەوەیە لەخـەڵکیو ئیشـی خـەڵك ئاڵۆزو جەنگاڵ دەکەن بە ووشەی پڕوپوچ.

بەڵێ چووم تەنها بۆمەبەستی ئـەوەی بزانم چۆن قسـە دەکـەنو ئـەڵێن چـی، بەڵام هەرچیەکیان پـێ ووتم هیچـی ڕاست نـەبوو تـەنها وویسـتیان پـارەم لێ بکێشـنەوەو هـەڵم خەڵـەتێنن، بـەڵام مـن لەوان زیرەکتر بووم.

شـیرین عومـەر: بـاوەڕم پێـی هەیـە، بـەڵام زۆرنـا، ڕاستی تیایـە چونکە خـۆم تاقی کردنەوەم بووە چەند جار. بـەڵێ زۆر جار چـووم، زۆر شـتی ڕاسـتیان پـێ ووتم، یەك کەس، بـەڵکو چـەند کەسـێك چـووم، ئەگەر هەر شـتێکم لێ ئاڵۆزبێـت دەچـم بـۆ لای قاوەگرەوە یان کتێب گرەوە.

چرۆ خالید مەولود: هـەرگیز بـاوەڕەم بەجادووگەری نیەو نەبووە، هەرگیز ڕاستی بەدی ناکرێن لـەو شتە خەیاڵیانـە، تـەنها پـارە کێشـانەوەیە لەخـەڵك، یـاری کردنـە بەعـەقڵیان، ڕۆژێـك لەگـەڵ هاوڕێیەکـەم چووم بۆ لای جادووگـەرێك، هەنـدێ شـتی ووردی دا پێـی ووت بیسـووتێنە، بەرەکـەتو خۆشـی دێتـە ماڵتـان، بـەڵام نەکبەتە پاش ماوەیەك لەگـەڵ مێردەکـەم جیابوومەوە.

لەگـەڵ ئـەو هـەموو ڕاستیانەی کـە خەڵکانی ڕۆشنبیرو باوەڕدار دەیزانن، کـە هیچ ڕاستیەك لەجادووگەریـدا نیـە، بـەڵام زۆر کەسانی بـێ بـاوەڕ هێشتا بـۆ کۆنـە پەرسـتیو دواکـەوتووی جادووگـەری دەگەڕێنەوە، کە هەرگیز ڕاستیان لێ بەدی ناکرێـت. تـەنها دەسـت بڕینـەو پـارە کێشانەوەیە لەخەڵکان

گەڕانەوە بۆ کوردستان گەڕانەوەیە بۆ تاراوگەیەکی دیکە

ئەمجەد شاکەلی

بەشی: دووەم

ڕەنگـە بەتێپـەڕبوونی کـات تاراوگەکـە خۆشەویسـتتر بێـتو مـرۆڤ پـتر پێـوەی گرێـدرابێتو هـۆگری بوو بێتو ڕەنگە بەتێپەڕبوونی کاتیش مرۆڤ لەتاراوگەکە وەڕزبێتو حەز بکات خۆی لێ دابڕێتو لەگەڵیدا بیقرتێنێت. بەگشتی پـتر هۆگربـوونی مـرۆڤ بـەو جێگەیـەی لێـی دەژیو ئارامییـەکی دەروونـیو هەسـتێکی خۆشەویسـتی بەرانبـەر بـەو شـوێنەو خۆشـگوزەرانییەکی ژیـانی لـەوێ، دەکاتـە پێوەنـدێکی تونـدووتۆڵترو گرێدراوییەکی زیاترو پتر پێناسەکردنی خـۆی پێیـەوە. هـەر مرۆڤـەو هەڵومـەرجێکی تایبـەتی هەیـە بـۆ لێکدانەوەو دیتنی لەو ڕووەوە. زارۆکی بـاوكو دایـك کـوردی لـەدایکبووی هەنـدەران، ڕەنگـە وەك ڕەگوڕیشـەو بنەچەو باوان، خـۆ بـەکورد بزانێتو لەبـەر خـاتری بـاوكو دایکـی کوردستانییو بۆ ڕاگرتنی دڵـی ئـەوان، باس لەکوردستانیبوونی خـۆی بکات، لێ وەك فەرهـەنگو دیدو جیهـانبینی ئەگـەر ڕێژەیـەکی کـەمیی کوردسـتانیبوونی تێدا وەدی بکرێت، دەبـێ بـاوكو دایکـان سوپاسگۆبنو گەلێك دڵخۆش بن. دەگمـەنن ئەوانـەی سەدلەسـەد ئـەو هەسـتەی دایـكو باوکانیـان، بەرانبـەر کوردسـتانو کوردبـوون هـەبێت. ئـەو زارۆکانـە تـا ڕادەیـەك هـەر ئەوەیـە بـە کـوردی دەپـەیڤنو نێـوی کوردییـان هەیـە، ئـەویش ئەگـەر وا بـن، دەنـا ڕەنگـە کـوردییش نـەزاننو نێـوی کوردیشـیان نـەبێت. ڕەنگـە مـرۆڤ چ گازاندەیەکی بەرانبەر بەو دیاردەیە نەبێت، چونکە زارۆك لـەکوێ دێتـە دنیـاوەو گـەورە دەبێت، پتر خۆی بەخەڵکی ئەو شوێنە دەزانێت. دروستبوونی هەستێکی لـەو جۆرە لـەکن زارۆکی کـوردو نـاکوردی لـەدایکبووی هەنـدەران، شـتێکی سروشتییەو دەبـێ هـەروابێت. ئێمـەی گـەورە ساڵانیش ئەگـەر لەکوردسـتان نەهاتباینـە دنیـاوە، بـا دایـكو باوکانیشـمان کـورد بووایـەن، هـەرگیز هەستی کوردستانیبوونمان نەدەبوو یا بشـمانبووایە هێنـدەی کەسـێکی لـەدایکبووی کوردسـتان، بـەهێز نەدەبوو. ئەوڕۆ زۆر ئاساییە منداڵانی هینـدیو پاکسـتانیو ئەمـەریکای لاتینـیو چـینیو ئـەفریقاییو... لەئەمـەریکاو بریتانیـاو فرانسـاو سوێدو... خۆ بەئەمـەریکاییو ئینگلیز و فرانسـاییو سـوێدی... بـزانن. زۆر ئاساییە تووشی منداڵێکی عـەرەب یا فارس یا سریان یا ئەرمەنی ببیتو کە پرسـیاری ئـەوەی لێ بکـەیت خـەڵکی کوێیـە، پێـت بڵێـت سـوێدییە، بـەڵام بـاوکی لەبنەچـەدا عەرەبـە، فارسـە، ئەرمەنە یا سریانە. ئـەم دیاردەیـە بـۆ کوردی پاش یەك دوو نەوەیەکی ژیاوی هەندەران دەخـواو هـەر وای لـێ دێت. ئـەو زارۆکانـە ڕێـك وەك تـۆێکنو لەزەوییـەکی دیکـەی دەرێیـی وڵاتـی خۆیـان چـێنراون. زارۆکـی کـوردیش ئەوڕۆ گەیشتووەتە ئەو قۆناخەو هـی وای تێدایـە ئـەوڕۆ گاڵتـەی بـە هـەموو شتێکی کوردستان دێتو هەست بـە هیچ جۆرە پێوەندێکیش بـەو وڵاتـەوە ناکات، ئەگەر ناچار نەکرێتو بە تۆبزی ئـەو هەسـتەی لا قـوت نەکرێتـەوە، لێ ئەوەش کارێکی کاتییەو چ ئـەنجامێکی باشی نابێتو ئەوڕۆ بێت یا سبەی، کە بوو بەکاری زۆر، کرماشانیان گوتـەنی: "یـە کـار زووە یـا ئـەلی"، ئـەو زارۆکـە خـۆی لەبازنـەی ئـەو هەسـتو پەیوەستبوونە دەرباز دەکات، مـادام بـە تـۆبزیو زۆر بسـەپێنرێت. هێـزی خۆبەسـتنەوە یـا هێـزی هەسـت بەگرێـدراوی بـەوڵاتی زێـدو پـێش ئاوارەبوونەوە، کۆمەڵێك ڕاستی هـەن، کە کاریگەرییان دەکەنـە سـەر. لەوانـە: خۆشـیو ناخۆشـی وڵاتەکـەو سەقامگیری بـاری سیاسـیو ئـابووری وڵاتەکـەو خۆشـگوزەرانی خـەڵكو جوانیی سروشت بـوونی زۆرینـەی ئـەو شـتە ماددییانـەی، کـە لـەوڵاتی ئاوارەییدا هەنو بوونی قانوونو جـۆرە یەکسـانییەكو سـادەیی لـەکن بەرپرسانو بوونی ئازادی تاكو ئازادی ڕادەربڕینو ڕێزگرتن لـەمرۆڤو گرنگیـی وڵاتەکە لـەڕووی سیاسـیو ئـابووریو دەوڵەمەنـدیو پێشـکەوتنو گەشـتیارییەوەو ئاسـانیی هاتووچـۆو سـەفەر بـۆیو... دەیـان شـتێکی دیکـەش. ئەگـەر لاسـەنگییەك لـەو ڕاستییانەدا وەدی بکرێن دیارە بە لای زارۆکێکـی کـورد یـا هـەر بیانییـەکی دانیشـتووی ئـەوروپاوە ئەوانـە هـەموو ڕاسـتیینو نـەبوونو لێلادانیـان ناتـەواویو نـا پەسـندە، ئـەوا دیـدی زارۆکـی ئـاوارەی هەنـدەران، بەرانبـەر وڵاتەکەی باوكو دایکی دەگۆڕێتو ڕێك پێچـەوانەی ئـەوان دەبینێـت. ڕەنگـە زۆر جاران ڕقیشی لێی ببێتەوەو دایكو باوکی خۆی بە ڕێگر بزانێت لەبـەردەم زووتوانەوەیدا لەنێو جڤاکە نوێیەکـەی، کـە تێیـدا هاتووەتـە دنیـاوە یـا بەگچکەیی بۆی هاتووە.

١٩٧٣، پینۆشـێ ڕێـژیمی گـەلێری سـەلڤادۆر ئالینـدی لەچـیلی، بەکوودێتایـەکی لەشـکریی ڕووخانـدو ڕژێمێکی دیکتاتۆریی هێنایە سەر کارو بـەوەش بـوو بـەهۆی کوشـتنو لـەنێوبردنو ڕاونـانی سـەدان هـەزار خەڵکی ئـەو وڵاتـەو خـەڵکێکی زۆریـان هـەڵاتنو لەئـەوروپا بوونـە پەنابـەر. ١٩٨٩، کە ئیدی پینۆشـێ لەدەسـەڵات نـەماو ڕژێمـی وڵات بـوو بـەدیموکراتیو برێك ئازادی هاتە ئاراوە، ئیدی لەدوای ئەو ساڵەوە خەڵکێکی زۆری ئـەو وڵاتـە کەڵکەڵـەی بـیری گەڕانـەوەی چـیلی "وڵاتـی دایـك"، کەوتـە کەللەیانـەوە. بەشێکی زۆر لەو چیلییانەی ئەوروپا ئیدی لەساڵانی ١٩٩٠ەکاندا گەڕانەوە. برێـك لـەو خەڵکـە لەچیلی مانـەوەو زۆرینـەیان لـەوێ هـەڵیان نـەکردو گەڕانەوە تاراوگەکەی خۆیان. هۆکاری جێگیرنەبوونی ئەو زۆرینەیە لەچیلیو گەڕانـەوەیان بـۆ هەنـدەرانو هۆکـاری جێگیربوونی ئەو کەمینەیەش لەچیلیو نەگەڕانەوەیان بـۆ هەنـدەران گـەلێکنو هـەر یەکـە لەدیدو بۆچوونی خۆیـەوە لێکـی دەداتـەوە. منـداڵی چـیلییایی لـەدایکبووی هەنـدەرانو لەهەنـدەران گـەورەبوو و فێـری زمـانو فەرهـەنگی دیکە، مانەوەیان لەچیلیو قایلبوون بە ژیانی بـاپیرانو داپیرانیـان، کـە دایـكو بـاوکی خۆیشـیان تـا ڕادەیـەك پێـی قـایلبوونو دەیانویسـت ئـەو منداڵانەیشـی پـێ قایلکـەن، زۆر پـێ سەخت بوو و پێیان قـەبووڵ نـەدەکرا. ئەوانە بەشێکی زۆریـان بـۆ خۆیـان بـە تـەنێ گەڕانـەوە هەنـدەرانو ئەوانەیشیان توانییـان بـاوكو دایکیـان بەگەڕانەوەی هەندەران قایـل کـەن، یـا باوكو دایکیـان بـۆ خۆیـان ئامادەییـان هـەبوو بـۆ گەڕانـەوە بـۆ هەنـدەران، چـونکە ئـەوان بـۆ خۆیشـیان لەگـەڵ ژیانی نوێی وڵاتەکەیاندا ڕانـەدەهاتن، هـەموو گەڕانـەوە. هەنـدێك لـەو خێزانانە، نەك هەر منداڵ بوونـە هـۆی گەڕانـەوەیان بـۆ هەنـدەران، بەڵکـە گەورەساڵانو باوكو دایکان بۆ خۆیـان لەوێ هـەڵیان نـەدەکردو نەیاندەتوانی بمێننـەوە. گەورەسـاڵان، کـە بـاس لەگەڕانـەوەی وڵاتو زێـد دەکەنـەوە، لەدیدی خۆیانەوە تەماشای وڵاتو زێد دەکـەن. ئـەوان بـەو چاوەی چەندین ساڵی بـەر لـەوەی خۆیـان، کاتێـك لـەو وڵاتو زێدەدا دەژیان، دەنۆڕنـە وڵاتو زێدەکـەی خۆیـان. ئـەوان کـە لەهەنـدەرانن، هـەموو ناخۆشـیو نەهامـەتیو نەبوونـەو ڕاوەدوونـانو زیندانیو جەنگو... شتەکانی دیکەی وڵاتەکەی خۆیان، کـە لێـی هـەڵاتوونو هۆکـاری هـەڵاتنیان بـوون، لێ دەبێتـە بـیرەوەریو یـادەوەریو خۆشـیو... هـەموو شـتەکان وەك نۆسـتالیژیاو تەزوویـەکی خـۆشو موچـڕکێك، بـە بەرچاوو مێشکیاندا تێدەپـەڕێتو وەك ڕووداوی فلیمێکـی خـۆش وەبـیری دەهێننەوە. ئەو باسە، بۆ نەوەی دوای خۆیـانو منداڵـەکانیان، هـیچ ناگەیـەنێتو ئـەوان هـەر بیریشـی لێ ناکەنەوە.

کـە وڵاتێـك ڕزگـار دەبێـتو ئیـدی خـەڵكو خاکەکـەی وەك ئـازاد دەژمێـردرێنو جـۆرە سیسـتمێکی دیمـوکراتیو مرۆڤدۆسـتیی تێـدا دێتـە ئـاراوە، وا چـاوەنۆڕ دەکرێت، خەڵکـە هەڵاتووەکەی، کە پەراگەنـدەی وڵاتـان بوون، بگەڕێنەوەو تێکـەڵ بـە ڕەوشـی نـوێی وڵاتەکـەیان ببنـەوەو بەشـداریی لەئاوەدانکردنـەوەو دروسـتکردنیدا بکەن، بـەڵام ئایـا وا دەبێـت؟ ئێریتریا یەکێك بوو لـەو وڵاتانـەی، کـە کۆلـۆنی بوو و بەشۆڕشو خەباتی دانیشـتووانی گەیشـتە سـەربەخۆیی. وا چـاوەڕوان دەکرا هـەر دوای جـاڕدانی ڕزگـاربوونی ئێریتریـا، تاکـە یـەك ئێریتریـایی لەهەنـدەران نەمێنێتـەوەو هـەموو بگەڕێنەوە، لێ ئایا وایان کرد؟ ئایا تـا ئێستا چـەند ئێـریتری لەهەندەرانـەوە گەڕاونەتەوە ئێریتریا؟ گەلێك کەم.

تـازەکی نێزیکـەی سـاڵێك دەبـوو هاتبوومـە سـوێد، پاشـنیوەڕۆیەکی لەگـەڵ (سـوعاد)ی خێزانمـدا سـواری ئۆتۆبووسـێك بـووین بـەرەو ماڵـەوە. لەئۆتۆبووسـەکەدا لەپشـت پیـاوێکی شەپقە لەسەر دانیشتین. کابرا دیـاربوو بیانییە. دەسـبەجێ پرسـیاری ئـەوەی لێ کردین، خەڵکی کوێین؟ پێمانگوتو ئەویش گوتی، کـە خـەڵکی ڕۆمانیایـەو مـاوەی بیسـتوئەوەنده سـاڵێکە لەسـوێدە. ئـەودەمی حەپەسـامو نەمدەتوانی بڕوا بـەگوێی خـۆم بکـەمو پێموابوو هیچ بیانییەك ناتوانێت هێندە لەوڵاتی بیانیو تاراوگە بژی. هەزارانی ڕۆمانی، پۆڵۆنی، هـەنگاری، بولگـاری، چـیکی، سـلۆڤاکی، ڕووسـیو.... هەڵاتوانی وڵاتانی بەنێو سۆسیالیست، وڵاتـانی خۆیـان جێهێشـتبوو و لـەم ئەوروپایـە گـەورەبوونو پیربـوونو مـردنو نەگەڕانـەوە وڵاتـانی خۆیـان، هەرچـەندە وڵاتەکانیشـیان گۆڕانیـان بەسەردا هاتو هاتنە ڕیـزی ئـەوروپای ڕۆژاواوەو بوون بەسەرمایەداریو چوونە نێـو یەکیـەتیی ئـەوروپاو ناتۆیشـەوە. کەواتـە گـۆڕان لـەو وڵاتـەی لێیـەوەی هاتووی هیچ مەرج نییە بۆ پاڵپێوەنانت یا هاندانت بۆ گەڕانەوەت بۆی!.

گەڕەکگـەلێکی وەك چـیناتاون، ئیندیاتاون، سۆهۆ (Soho)ی شاری لەنـدەنو تێنسـتا (Tensta) و ڕینکـەبی (Rinkeby) و فیتیـاو سـوێدەرتێلیای شـاری سـتۆکهۆڵمی سوێدو ڕووسنگۆردی شاری مـالمۆیی سـوێدو گەڕەکـە عەرەبنشـینو جوولەکەنشـینو ئێرانینشـینو تورکنشـینو ئەرمەنینشـینەکانی شارەکانی پاریسو نیویۆركو بڕۆکسلو بـەرلینو.... دەیـان شـاری دیکـەی ئەوروپاو ئەمەریکا، نموونەی مانـەوەی خەڵکی بیانیو جێگیربوونیان.

لەسـاڵی ١٩٩١ەوە بەشـێکی باشـووری کوردسـتان ئـازادەو دەسـەڵاتی حکوومـەتی بەغـدای بەسـەرەوە نـەبووەو نییـەو خـەڵکی کـوردی هـەڵاتوو و نیشـتەجێی هەنـدەران، نـەك هـەر نەگەڕاونـەوە کوردستـان، بەڵکـە سـەدان هـەزاری خـەڵکی کوردسـتان لـەدوای ١٩٩١ەوە کوردسـتانیان جێهێشـتووەو ڕوویـان کردووەتە هەندەران. ڕێژەی ئەوانەی دوای ١٩٩١ باشـووری کوردسـتانیان جێهێشـتووە، گـەلێك لەوانـەی پـێش ١٩٩١ ئـەو کارەیان کـردووە، زیاترەو پێموایە هەر بەراورد ناکرێت.